کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 3-12-2007 23:00

**پەیڤێک... بۆ بەستەڵەکی پەنجە مەیوەکان... لە هەرکوێن... تاڤگە ئەحمەد میرزا**

(گەورەیی لەوەدایە ئەوانە ببەخشی کە زوڵم لێدەکەن.. پاڵنەری خراپەکانیان بیت... بەباشە) لوقمانی حەکیم

دەیان چیرۆك و سەرگوزشتەی دروستکراو شەرماوی لە ئەنجامی نوسینێکتا گوی بیست دەبیت.. چەقۆو چەکی سپی و ژەهراوی وەك ئەهریمەن لەبەرامبەرا خۆیان ئەنوێنن.. گەلۆ بانگی موحەمەد بەئاشکرا خۆشە، نەهاتومە راپۆرت و بی ویژدانی لەبەرامبەر هیچ کەسێکا بگوزەرێنم و ژێراو ژێر و چپە و ووتی ووتی ملی ئەم و ئەو بشکێنم، پێویستیش بە خۆ شڵەژان و کۆبوونەوە دووقۆڵی و سی قۆڵی و مەسج و تەلەفۆن و ئیمیل کردن ناکات.. ئەوەی ووتراوە کەمێکی زۆر کەمە لە دەریای گەندەڵی و بەرێوەبردن و پاراستنی بەرژەوەندی گشتی، نووسیینم بە ئاشکرا نووسیووە... ئی خۆ ناکری و نەبووە بەڵگەکانی دوورکەوتنەوەو وازهێنان بخەمەروو سەیرە کەسێك وازبهێنی ناهێڵن، نابی تۆکەسێکی چاکی تۆ بەتوانایت تۆ ئەو کەسەی کە عەسای سیحری عەلی بابا پی یە.. لەژێریشەوە کنە و باس و نووسراوەکانتان بۆنی خوێن و رقی ئەستوورە، دەنا بەتوانای لە بن نەهاتوتان پێتان بەجەرگی خۆتانا نەدەناو نووسراوی ئاوا بنووسن وبڵێن (... خۆیان بە مەغدوور ئەزانن... ) !!!...

نەخێر خۆم بە مەغدوور نازانم لی لەبەرامبەر ناعەدالەتی و تاسانی دەیان هاواری راستی و دڵسۆز هێشتا کردارو گوفتار دەستی پی نەکردووەو، کار وابڕوا و ناچار زیاتر پۆخڵەواتەکان بەرەو رووتان دەکرێتەوە..

لەوەو پێشیش ووتومە و ئەیڵێمەوە بە ئیمان و بروا بەخۆبوونەوە بژێوی ژیانی خۆمان مسۆگەر ئەکەین وەك هەزاران هەزار دڵسۆزو وەفاداری ئەم نیشتمانەو بی منەت و بی باك لە هەر ئیمتیازاتێکی تەفرەدەرو بوغرابوون لە خۆمانا بە هیچ شێوازێك بە دیناکرێت.. ئەوەی لە دەرئەنجامی هەوڵ و بەردەوامی خۆ رۆشنبیرکردن بە هێندی تواناو ئاستی نێو کۆمەڵگە لە کاروان بە جێنەماوین و زۆر لە وانەی ئەمرۆکە بوونە بایەقووش و دارکونکەرەو کلکی مارو حەسحەسی قسە هێنان و قسە بردن، مرۆ شەرم ئەکا بەلاچاویش لە کردەوەو رەفتارتان بکۆڵێتەوە، راستە دەڵێن (دایکی کوژراو دەنوی لی دایکی بکوژ خەو لە چاوانیا بزرکاوە) ...

ئەزیزانی تەریقەت.. ماتەمگیرانی کۆچی ناوادەی عەدالەت.. پاسەوانانی سەری مانگی موچە...

ئەوانەی رەفتارو کردارتان دووتەنی جوداو جیاوازە... فەرموون بنووسن... بی منەت... فیکرو مەعریفەو بۆچوون و رەهەندە موعجیزە ئاساکانتان تاو بدەن...

بەستەڵەکی پەنجە مەیوو موولێهاتووەکانتان هەرس پی بێنن و قەڵەمە لەرزۆك و شەرماوییەکانتان با بێنە گۆ!!...

(داری ژەنگاوی هەرگیز بەرناگری

.... بەبی کورتان فەردە هەڵناگری )

بە داوای لێبووردنەوە لە بێکەسی شاعیری نەتەوە، یادت بەخێرو گۆڕت پڕنووربی..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.